هۆڵەندی

# بۆچی داتای کەسیی من بۆ EURODAC دەگوازرێتەوە؟

جۆری G

**سوودبەرەکانی پارێزبەندیی کاتی**



KURDISH (SORANI)

## بۆچی من ئەم بڕۆشەرە وەدەگرم؟

تۆ وەک سوودبەرێکی پارێزبەندیی کاتی لەلایەن وڵاتێکی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا (EU) تۆمارکراویت.

ئەم بڕۆشەرە زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو داتایە دابین دەکات کە لەلایەن دامودەزگاکانەوە هەڵدەگیریت و بۆ ماوەی چەندیش هەڵدەگیرێت.

## بۆچی من پێویستە پەنجەمۆر و وێنەی خۆم پێشکەش بکەم؟

تۆ وڵاتی خۆتت جێهێشتووە و ئێستا لەم وڵاتەدا سوودبەرێکی پارێزبەندیی کاتیت.

ئەم جۆرە سیفەتی پارێزبەندییە کاتییە. وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا ناوبەناو بڕیار دەدەن ئاخۆ ئەو پارێزبەندییە دەبێت بەردەوام بێت یان نا.

دامودەزگاکانی ئەم وڵاتە پەنجەمۆر و وێنەی تۆ وەردەگرن. ئەم داتایە، بەیەکەوە لەگەڵ زانیارییەکانت لەبارەی ناسنامە و زانیاریی پەیوەندیداری تر، بۆ داتابەسی Eurodac دەگوازرێتەوە.

Eurodac هاوپۆلی دیاریکراوی ئەو کەسانەی کە هاووڵاتیی وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) نین لەگەڵ کۆمەڵێک پەنجەمۆر و وێنەی تایبەتی ئەوان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەم داتابەیسە لەلایەن 31 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) بەکار دەهێنرێت و دەتوانن داتای تۆ پێواژۆ بکەن بۆ وەرگرتنی زانیاریی تۆ. وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) لە کۆتایی بەم بڕۆشەرە لیست کراون.

**تۆ ئێستا لە هۆڵەندی  کە وڵاتێکی (EU+)یە.**
**وڵاتەکانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) ئەمانەن:**

27 وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا: نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرۆتیا، قوبرس، چیک، دانیمارک، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیتاڵیا، لاتڤیا، لیتوانیا، لوکسمبۆرگ، ماڵتا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، پورتوگاڵ، کۆماری ئیرلەندا، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید و

4 وڵاتی دیکە: ئایسلاندا، لیختنشتاین، نەرویج، سویسرا.

## چ زانیارییەک لە EURODACدا هەڵدەگیرێت؟



ئەم زانیارییانەی خوارەوە هەڵدەگیرێن:

- پەنجەمۆرەکانت
- وێنەی فۆتۆگرافیی ڕووخسارت
- هەموو ئەو ناوانەی کە بەکاریاندەهێنیت یان لە ڕابردوودا بەکارتهێناون
- ڕێکەوتی لەدایکبوونت
- ڕەگەزنامە یان ڕەگەزنامەکانت
- ڕەگەزی تۆ
- کۆپیی ناسنامە یان بەڵگەنامەی گەشت کە بەکارتهێناون، لە هەرکوێیەک بەردەست بن، لەناویاندا زانیارییەکان لەبارەی ڕەسەنێتیی ئەوان
- پێناسی بەکارهێنەری ئەو ئەفسەرەی کە پەنجەمۆر و وێنەی تۆی وەرگرت و ڕێکەوتەکانی کاتی وەرگرتن و گواستنەوەی داتای تۆ
- ئەو وڵاتەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا کە تۆی تۆمار کردووە بۆ وەرگرتن و شوێن و بەرواری ئەوەی کە ئەمەی تێیدا ڕوویداوە.

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە دەستت بەو داتایە بگات کە لە Eurodacدا هەڵدەگیرێت، و زانیاریی نادروست هەموار بکەیتەوە و داوای سڕینەوەی زانیارییەکانت بکەیت ئەگەر بە شێوەی نایاسایی مامەڵەی پێوە کرابێت. تۆ دەتوانیت بۆ ئەنجامدانی ئەمە پەیوەندی بە ڕێکخەری داتاوە بکەیت. وردەکارییەکانی پەیوەندیی ڕێکخەری داتا لە برۆشەرێکدا هەن بە ناونیشانی '**ئەوەی پێویستە لەبارەی EURODAC بیزانیت**'.

## ئایا هیچ زانیارییەکی تر لە EURODACدا هەڵدەگیرێت؟

ئەگەر وڵاتێکی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا داواکرابوو کە پەنجەمۆرت وەربگرێت یان ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە تۆ شایستەی پارێزبەندیی کاتی نیت بەهۆی هەڵسوکەوتت، ئەوا دەبێت ئەوان ئەم زانیارییانە لە Eurodac تۆمار بکەن.

ئەمە دەکرێ لەو حاڵەتەدا وابێت ئەگەر زانیاری لەبەردەست بێت کە پێشنیاری ئەوە بکات کە تۆ:

- تاوانێکی زۆر گەورەت ئەنجام داوە، وەکوو تاوانی جەنگ یان تاوان دژی مرۆڤایەتی.
- تاوانی گەورەت لە وڵاتێکی تر بەر لە هاتنت بۆ ئەوروپا ئەنجام داوە
- کردارێک ئەنجام داوە کە پێچەوانەی بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

## داتای کەسیی من بۆ ماوەی چەند لە EURODACدا هەڵدەگیرێت؟



زانیارییەکانت هەڵدەگیرێن تا ئەو ماوەیەی کە دۆخی پارێزبەندیی کاتیت ڕەوا بێت. ئەگەر دۆخی پارێزبەندییەکەت بەسەرچوو، ئەوا داتاکەت دەسڕدرێتەوە

ئەم تێبینییە تەنها بۆ مەبەستی زانیارییە خۆی لە خۆیدا هیچ ماف یان بەرپرسیارێتییەک نابەخشێت. نە EUAA و نە هیچ کەسێک کە لەبری EUAA مامەڵە دەکات بەرپرسیار نین لەو بەکارهێنانەی کە بۆ زانیاریی ناو ئەم تێبینییە ئەنجام دەدرێن.

© ئاژانسی یەکێتیی ئەوروپا بۆ پەنابەری، 12 juni 2026